# حکومەتی کاتی و کۆنگرەی ئازادی عێراق ئەلتەرناتیفی کۆمۆنیزمی کرێکاری نی یە؟

سەردار عەبدولاحەمەمین

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق(حککع) لەم دواییانەدا لە پلینۆمی شانزەیدا بریاری دامەزراندنی کۆنگرەی ئازادی عێراقیان پەسەند کرد و سەرەنجام کۆنگرە بە هەدەفی گەیشتن بە دەولەتی کاتی (موءقت ) وە بە ئیمزای چەند کەسێك لە رابەرانی حککع و رابەرانی حیزبی حیکمەتیست و چەند کەسێکی تر بەیاننامەی دامەزراندنی راگەیەنرا ئەمە بە مەبەستی رزگار گردنی خەڵکی عێراق لە دەست داگیرکەران و میلیشیا چەکدارە تیرۆریستە رەنگاو رەنگەکان.

یەکێ لە بنەما سەرەکی یەکانی جیاکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە یەکتر ئەلتەرناتیڤیانە بۆ کۆمەڵگا, ئەلتەرناتیڤی ئەحزابی ناسیۆنالیستی حکومەتی قەومی یەوئەلتەرناتیڤی ئەحزابی راسیستی حکومەتی شۆڤێنی یا فاشیستی یە وئەلتەرناتیڤی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی حکومەتی ئیسلامی یە و ئەلتەرناتیڤی ئەحزابی لیبرال و سۆسیال دیمۆکرات وپرۆ غەرب حکومەتی پەرلەمانی یە...هتد وە ئەلتەرتاتیڤی ئەحزابی کۆمۆنیستی کرێکاریش حکومەتی سۆشیالیستی یە , کۆمۆنیستەکان بە تاکتیکی گونجاوەوە بۆ هەلومەرجی جیاواز

بەرەو رووی ئەم ئامانجەیان ئەرۆن بەبێ سات و سەودا کردن لە گەل بۆرجوازی و رێککەوتن لە گەل حیزبەکانی و کەسایەتیەکانی ,بەڵکو بە هێزی کرێکاران و خەلکی ستەم دیدە و ئەنجا کۆمەلگاش بە شوێن خۆیدا راپێچی مەیدان دەکەن، نەك بە پێچەوانەوە وەك ئەوەی ئەمرۆ رابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەستی بۆ بردووە .

ئەم دەولەتی کاتی یە کە رەنگی بەیان نەکراوە وە ئەلگۆکەی دیاری نەکراوە واتە دیاری نەکراوە چۆن لە گەل کێ پێکی دەهێنن بەلام بەپێی قسەی سەمیر عادل سکرتێری کۆنگرە لە چاوپێکەوتنی هەفتەنامەی جەماوەردا دەلێ تەنانەت بەشێك لە ئیسلامی سیاسیش ئەتوانێ لە گەڵیان کار بکات بۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتە هەر وەك کاتی خۆی کۆرشی مودەریسیش ووتی دەتوانن لەگەل حجاریان دەولەتی کاتی پێك بێنن چونکە کاتی شۆرشی سۆشیالیستی نیە و خەلك سۆشیالیزمی ناوێ ئێستا. ئەم پرۆژەی کۆنگرەی ئازادی عێراق و حکومەتی کاتی هەمان بیانوو و دەلیلی هەیە گوایا ئێستا هەل ومەرج ئامادە نیە بۆ شۆرشی سۆشیالیستی و دامەزراندنی سۆشیالسزم، و ئەمەریکا هەیە و تیرۆریزمی ئیسلامی هەیە دەبێ ئەمانە نەمێنن و دەسەلات بە دەستەوە بگرن ئینجا شۆرشی سۆشیالیستی ئەکەن ئەمە جیاواز نی یە لە  ئەلتەرناتیڤەکانی ئەحزابی سۆشییال بۆرجوازی بۆ دیموکراتیزە کردن وریفۆرمیزە کردنی کۆمەلگا وپاشان سۆشیالیزم بە بیانووی ئامادە  نەبوونی هەلومەرج بە ماناکەی تری ئێستا سۆشیالیزم عەمەلی نیە و کاتی نیە هەلی دەگرن بۆ دوا تر.

ئەوەی لای ئەم هاوریانەی پێشووم لە حککع نامۆیە ئەوەیە کە سۆشیالیزم خۆی وەلامە بۆ ئەو هەلومەرجە دژی ئینسانی یەی سەرمایەداری سازی ئەکا بە سەر کۆمەلگای بەشەریدا و وەلامە بە جەنگەڵستانی سەرمایەداری . نەبوونی ئەم وەلامە یا کەم ڕەنگ کردنەوەی هیچ شتێك نیە جگەلە کۆمەك کردن بە هەل مەرجی مەوجود نەبێ.

ئەوانە زۆرن کەئەلێن سۆشییالیزم شتێکی باشە بەلام ئێستا کاتی نی یە و چ باڵی راست یا باڵی چەپی بۆرجوازی یا تەنانەت بەشێك لە ئیسلامی و جەرەیاناتی قەومی رۆژانە ئەم قسەیە دووبارە ئەکەنەوە وە پێمان ئەلێن سۆشیالیزم باشە بەلام عەمەلی نیە, ئەلتەرناتیڤی تر مەترەح دەکەن بە قەولی مەنسوور حیکمەت کە دەلێت : ئەوانەی کە ئەلێن سۆشیالیزم هەر ئێستا عەمەلی نی یە بە کردەوە ئەیانەوێ دژایەتی سۆشیالیزم بکەن.

کۆنگرەی ئازادی عێراق ئەگەر سەرنجێك لە ناوەکەشی بدرێ زۆرتر لەو رێکخراوانە دەچێ کە باڵی راستی کۆمەلگا پێکی هێناون بۆ ئازاد کردن و رزگار کردنی نیشتمانی ئازیز ( عێراق ) لە ژێر دەستی داگیرکەرانی بێگانە وە ئەگەر سەرنجی ئامانج و

هەدەفەكەشی بدرێ كە حكومەتێكی كاتی یە كەم رەنگ كردنەوەی ئامانجی رەوتی كۆمۆنیزمی كرێكاریە كە لە سالی 1993 وە هەلی گرتووە خەباتی بۆ دەكات ئەویش حكومەتی كرێكاری وسۆشیالیزمە وە لەم پێناوەشدا چەندین قوربانی داوە لە عێراقدا.
هەمیشە وا بووە كۆمۆنیستەكان لە بەرئەوەی بەشی پێشرەوی بزووتنەوەی كۆمەلایەتی چینی كرێكارن ئەگەر دەست بەرن بۆ رێكخراوی جەماوەری ئەوا شورا پێك دەهێنن نەك سەندیكا یا رێكخراوی تر دەكرێ بچنە ناویانەوە كار بكەن بەلام خۆیان كار بۆ دامەزراندنی غەیری شورا ناكەن, هەروەهاش ئەلتەرناتیڤی كۆمۆنیستەكان سۆشیالیزمە كار بۆ حكومەتی كاتی ودیموكراتی..هتد ناكەن بەلام دەكرێ لە ناویاندا كار بكەن بە پێی تەرازووی هێز و قازانج و بەرژەوەندی یەكانی چینی كرێكار و جەماوەری ستەم دیدە, هەر لەم روانگەوە دەلێم نە پێكهێنانی كۆنگرەی ئازادی عێراق و نە پێكهێنانی دەولەتی كاتی ئەرك و وەزیفەی كۆمۆنیستە كرێكاری یەكان نیە لە جیاتی ئەوانە من دەلێم با لە هەولی كۆنگرەی سەرتاسەری شوراكاندا بین بەرەو سۆشیالیزم.

31 ئایاری2005